گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا

**هەڵگورد کریم حسن**
وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی شەقڵاوە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
halgurd.hasan@su.edu.krd

**پ. د. هێمن عومەر خۆشناو**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Hemin.o.ahmad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/٢٤
بڵاو کردنەوە: هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Title, Subtitle, title and subtitle relationship, The importance of titles and subtitles, semiology.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.9

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر چەمک و پێناسە و ڕۆڵی ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٦- ٢٠٠٥). لەم توێژینەوەیەدا هەموو جۆرە چیرۆكێك بەکارهێناوە و زۆربەیان لەچوارچێوەی کورتە چیرۆکن، جا لەبەر ئەوەی باسەکە لەسەر ناونیشانە بۆیە چیرۆکەکان بەگشتی وەرگیراون، بەپێی بەدواداچوونی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کە ناونیشان و ژێرناونیشان پێگەیەکی گرنگیان هەیە، لە پێکهاتەی چیرۆکدا و چەندین لایەنی (دەلالی، سیمیۆلۆژی و جوانناسی) دەگرێتەوە، لە کۆی (٤٨١) ناونیشانی چیرۆکی بڵاوکراوە، تەنها (22) چیرۆك ژێرناونیشانیان هەبووە، توێژینەوەکە لە دوو ڕووەوە ئەنجامدراوە: لە ڕووی تیۆرییەوە، مێژوو و زاراوە وچەمک و پێناسە و گرنگیی ناونیشان تاوتوێ دەکات، لەپاڵ ناونیشاندا باسی ژێرناونیشانیش کراوە، لە ڕووی پراکتیکییەوە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی نموونەی دەقی چیرۆکەکان، ڕۆڵ و کاریگەریی ناونیشان و ژێرناونیشان لە گەیاندنی واتا و پەیامی دەق بە خوێنەر خراوەتەڕوو. هەروەها بۆ شیکردنەوەی بابەتەکان و دەرخستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان، ڕێبازی وەسفی شیکاری و شیکاریی ئاماری خراوەتەڕوو، ئەنجامەکانیش دیاریکراوە.

## پێشەکی:

### ./1) ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیوەندی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا)، تیشک دەخاتە سەر گرنگی و پەرەسەندنی ناونیشان وەک توخمێکی سەرەکی لە بنیاتی ژانری چیرۆکدا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی هەندێك لە نموونەی چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا.

### ./2) سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە لە (**ناونیشان و ژێرناونیشان**)ی چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا، لە ماوەی نێوان سالانی (1996 - 2005) پێکهاتووە.

### ./3) ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی لەسەر بنەمای ڕەخنەی سیمیۆلۆژیا، لەگەڵ ئەوەشدا وەک پێویستییەک بۆ توێژینەوەکە، شیکاریی ئاماری بەکارهاتووە.

### ./4) گرنگی توێژینەوەکە:

- ناونیشان یەکەمین تێکەڵبوونە لە نێوان دەق و خوێنەردا، ئەم ڕەگەزە وەك دەروازەیەکی سەرەکی بۆ ناوەڕۆك، توانای ڕاکێشانی خوێنەر و دروستکردنی پرسیاری ناوەکی لەلای گەڵاڵە دەبێ.
- ناونیشان ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە دیاری کردنی ناسنامەی دەق و جیاکردنەوەی لە دەقەکانی دیکە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە پەیوەندی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان بکۆڵێتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی وەك: (وتە، دێرە شیعر، پێشکەشکردن) شیکاربکات.

**./5 )هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لەگەڵ ئەوەی کە توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی ناونیشان بە شێوەیەکی گشتی دواون، بەڵام زۆر بە دەگمەن باسی ناونیشان و ژێرناونیشانی چیرۆکی کوردی کراوە. ئەم توێژینەوەیە، بە وردبوونەوە لە نموونە هەڵبژێردراوەکانی گۆڤاری ڕاماندا، هەوڵدەدات ئەم کەلێنە پڕبکاتەوە و بنەمایەك بۆ توێژینەوەی داهاتوو لەم بوارەدا دابنێت.

**./6)ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پێگەی ناونیشان و ژێرناونیشان وەك کلیلی سەرەکی تێگەیشتن لە دەقی چیرۆکی کوردیدا شیکاربکات، لەگەڵ خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشانە لە ماوەیەکی دیاریکراو و بڵاوکراوەیەکی تایبەتدا کە گۆڤاری ڕامانە.

**./7) پاشخانی توێژینەوە:**

لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا چەند هەوڵێکی ئەکادیمی لەبارەی ناونیشانی چیرۆك دراون، بۆ نموونە (ڕۆڵی ناڤونیشانی د بەرجەستەکرنا ڕامانا تیکستێ کورتە چیرۆکێدا- کۆمەلە چیرۆکا (شەڤا فرشتە ڕەڤین) یا ئیسماعیل هاجانی- وەك نموونە) (نزار سلمان طاهر، 2015)، هەروەها (بونیاتی ناونیشان لە کورتیلە چیرۆکی کوردیدا) (ڕێزان صالح مەولود، 2023)، کە ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی باسی ناونیشانیان کردووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە باسی ئەوانەی کردووە، لەهەمانکاتدا بە بیرۆکەیەکی نوێ و بەناوی (ژێرناونیشان) لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا کارکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان ڕوونکراوەتەوە.

**./8) پرسیارەکانی توێژینەوە:**

1. چۆن چیرۆکنووسانی کورد لە گۆڤاری ڕاماندا ناونیشان و ژێرناونیشانیان وەک ئامرازێکی هونەری بەکارهێناوە، بۆ گەیاندنی پەیامی چیرۆکەکانیان؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. لەسەر بنەمای زنجیرە ژمارەکانی گۆڤاری ڕاماندا، چ گۆڕانکارییەك لە ژمارەی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٦-٢٠٠٥)دا ڕوویداوە؟
3. چۆن ناونیشان و ژێرناونیشان وەک کلیلی سەرەکی خوێندنەوەی چیرۆك، کاریگەری لەسەر لێکدانەوە و تێگەیشتنی خوێنەر هەیە؟
4. بە چ شێوەیەک ژێرناونیشان، وەک: (وتە، دێرە شیعر) ڕۆڵی تەواوکاری بۆ ناونیشانی سەرەکی دەگێڕێت و چۆن پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دروست دەکات؟
5. بۆچی ژێرناونیشانی (پێشکەشەبە) کەسێک یان هاوڕێیەک، لایەنێکی سۆزداری و کۆمەڵایەتی بە چیرۆك دەبەخشێت؟

**./9) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(پەیوەندی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا)**[1]، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تیۆرییە و باس لە ناساندنی ناونیشان و ژێرناونیشان و ڕەنگدانەوەی لە دەقی ئەدەبیدا دەکات، کە تیایدا زاراوە و چەمک و پێناسەی ناونیشان و مێژوو و گرنگییەکەی خراوەتەڕوو.بەشی دووەم باس لە ناونیشان و ژێرناونیشان دەکات، کە بە شێوەی پراکتیکی و داتاوە بابەتەکە ڕوونکراوەتەوە، هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە زیاتر سوود لە خشتە و تابلۆ وەرگیراوە.

## 1/ بەشی تیۆری: دەروازەیەك بۆ ناسینی ناونیشان

### 1-1 زاراوە و چەمك و پێناسەی ناونیشان:

#### 1-1-1زاراوەی ناونیشان:

مێژووی زاراوەی ناونیشان بۆ سەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان ناوەکەیان لە بنەڕەتدا لە وشەی (Titulus) لاتینی وەرگرتووە. وشەی (Titulus)یش وەکو وشەیەکی (سادە) لە لاتینیدا بەکارهاتووە، نەوەك وشەیەکی (لێکدراو). دواتر لە زۆربەی زمانە

1- ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی ماستەرەکەم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوروپییەکاندا هەر بە سادەیی بەکارهاتووە و گەیشتۆتە ئێمە. بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا وەك (Title) (Mohamad Badawi، 2007، 1118) بەکاردێت.

لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە زمانەکانی دیکە ڕێڕەوێکی جیاوازیان گرتۆتەبەر. هەر لەم چوارچێوەیەدا لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی "العنوان" بەکارهاتووە، کە پەیوەندی بە دوو بنچینەوە هەیە، یەکەمیان "عنا" بە مانای مەبەست و ئاراستەکردن و دووەمیان "عنن" بە مانای دەرکەوتن و بەرهەڵستی دێت. ئەم دوو بنچینەیە بە درێژایی مێژوو تێکەڵبوون و مانای تەواوکارییان پێکهێناوە، کە لە وشەی "العنوان"دا دەبینرێت. لە فەرهەنگەکانی "لسان العرب" و فەرهەنگە کۆنەکاندا ئەم دوو بنچینەیە شیکراونەتەوە، بۆیە "عنوان الكتاب" یان "عنوان الرسالة" هەردوو مانای مەبەست و دەرکەوتنیان تێدایە (محمد فکری الجزار، 1998: 20)، لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە زمانی عەرەبی شێوازی جۆراوجۆری زاراوەی ناونیشانی بەکارهێناوە.

جێی سەرنجە کە لە زمانی (کوردی)یشدا زاراوەی (ناوونیشان، ناڤونیشان، .....)ی بۆ بەکاردێت، کە لە بنچینەدا وشەیەکی لێکدراوە، لە دوو وشەی سادە پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە (ناو، ناڤ) و (نیشان)، کە هەردوو وشەکە بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (و) لێکدراون و زاراوەی (ناوونیشان، ناڤونیشان)ی لێ پێکهاتووە. هەروەها واتای هەردوو بەشی (ناوونیشان)یش لە بەشی یەکەم (ناو)ە، لە هەمبانەبۆرینەدا بە واتای دروشم و ناسینەوەی شتەکان هاتووە. بەشی دووەم (نیشان) فرە واتایە، لەوانە: "ئامانج، جۆر و ئەنگوستیلە یان بازن...هتد، ئەدرێ بەو کچەی کە بڕیاری شووکردنی داوە" (عەبدولوەهاب شێخانی، 2009، 545)، کەواتە هەردوو وشەکە بەیەکەوە وەکو وشەیەکی لێکدراو بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (و) وشەی (ناوونیشان)ی دروستکردووە. بەڵام بەزۆری بەبێ ئامرازی لێکدەری (و) ئەم زاراوەیە دەنووسرێت. وەك: (ناونیشان، ناڤنیشان)2.

---

**2- هەرچەندە زۆربەی توێژەر و نوسەرە کۆنەکان و هاوچەرخەکان چەمکی (ناونیشان)یان بەکارهێناوە، بەڵام هەندێك لە توێژەرانمان ئەم زاراوەیان بەیەکەوە و بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (و) دەنووسن، هەروەك، د. هێمن عومەر خۆشناو، لە کتێبی، {شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە)}. هەروەها د. فوئاد ڕەشید، لە کتێبی، {دەقی ئەدەبی "ئەدگار . چێژ . بەها"} و غازی حەسەنی، لە کتێبی، { سیمیۆلۆجیای گوتاری ناوونیشانی کورتیلە چیرۆك ''ئاوێنە'' و ''بۆنی ئەشکەوت}، زاراوەی (ناوونیشان)یان بەکارهێناوە.**

### 2-1-1 چەمکی ناونیشان

ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی لە سیستەمی زمانەکانی جیهاندا دەبینێت. هەر زمانێک بەپێی تایبەتمەندی و یاسا زمانەوانییەکانی خۆی، شێوازی تایبەت و جیاوازی لە بەکارهێنانی ئەم چەمکەدا هەیە، کە هەریەکەیان میراتێکی کولتووری و زمانەوانی تایبەت بە خۆی هەیە. سەبارەت بە بەکارهێنانی چەمکی ناونیشان لە لایەن گەلانی جیهاندا، بۆ سەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە. ناونیشان بۆ نووسینی سەر بەڵگەنامە، کتێب یان ناسنامە بەکارهاتووە. هەروەها بۆ تابلۆی سەر دوکان و فرۆشگاکان و ناوەڕۆکی کەرەستە و بەرهەمەکانیش بەکارهاتووە .

لە زمانی عەرەبیدا لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکاندا، وشەی"العنوان" بەکاردێت کە بە واتای ناوی کتێب، شیعر، نیگارکێشان و هتد (Mohamad Badawi, 2007, 118) دێت، کە گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی دەکات، بەم پێیە، ئەم زاراوەیە بەرامبەر بە وشەی ئینگلیزی (title) بەکاردێت و دەبێتە دیباجە و ڕوخساری کتێب و ناونیشانی هەر شتێک کە ئاماژە بە ناوەڕۆکەکەی دەدات.

لە زمانی کوردیدا چەمکی (ناونیشان) بە شێوازی جیاواز دەردەبڕدرێت، ئەمەش بەهۆی فراوانی زمانەکە و بوونی چەندین دیالێکت و شێوەزاری جیاوازە. بۆ نموونە "navunişan" :، "ناوونیشان"، "ناونیشان" و "نێونیشان"، " ناڤنیشان"، "ناڤونیشان"، "نێوونیشان" ، "سەرناڤ" (عەبدلسەلام جەمال ڕەشید. 2017: 7)، لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا ناونیشان بە واتای دیکەش دێت، وەك ((شوێن و ناوی، کە پێی بناسرێنەوە)) (هەژاری موکریانی، 1369: 862). ئەم جیاوازییە لە دەربڕین و نووسیندا بەهۆی جیاوازی فۆنیمەکان (دەنگەکان) لە شێوەزارە جیاوازەکاندا دروستبووە.

کەواتە دەتوانین بڵێین: زاراوەی ناونیشان لە سەردەمی ڕۆمانەکانەوە تا ئەمڕۆ، هەر نەتەوەیەك لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی زمانەوانی خۆیان بەکاریان هێناوە، کوردیش زاراوەی (ناونیشان)ی بۆ بەکارهێناوە و لەگەڵ زمانەکەی گونجاندووە.

### 3-1-1 پێناسەی ناونیشان:

ناونیشان ڕەگەزێکی سەرەکی و پێویستی هەر دەقێکی ئەدەبییە. یەکەم شتە کە خوێنەر دەیبینێت، وەک ناسنامەی دەق وایە. ((یەکەمین دەروازەیە بۆ چوونە ژوورەوە بەرەو دەق)) (دیار لەتیف، 1399:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

18)، هەر ژانرێکی ئەدەبی ناونیشانێکی هەیە، تاوەکو بناسرێتەوە و خاوەندارێتی دیاری بکرێت. هەر وەک چۆن هەر تاکێک بە ناوەکەی دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە، ناونیشانیش هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ دەقی ئەدەبی. کتێبێک بەبێ ناونیشان وەکو خانوویەکی بێ ناونیشان و ژمارە وایە کە دۆزینەوەی گرانە بەس ئەستەم نییە، ناونیشان یەکەم پەیوەندی و پردی نێوان ژانری ئەدەبی و خوێنەرە، چونکە ناونیشان ((یەکەمین بڕگە و وشە و دەستەواژە و دێرە، کە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر و هەر زوو - بەر لە ناوەڕۆك سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت)) (فوئاد ڕەشید، 2007: 52)، بۆیە پێویستە ناونیشان کورت و پوخت و سەرنجڕاکێش بێت، تاکو لە یەکەم بینیندا هەست و سۆزی خوێنەر بورووژێنێت.

سەرەڕای ئەمە، ناونیشان پێناسەکردنی ئاڵۆزە و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت، هەر وەك (جیرار جینێت) دەڵێت: ڕەنگە خودی پێناسەکردنی ناونیشان زیاتر لە هەر توخمێکی تری دەقی هاوتەریب، هەندێك کێشە بخاتەڕوو و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەبێت لە شیکردنەوەدا، چونکە سیستەمی ناونیشان، وەك لە سەردەمی ڕێنسانسەوە دەیناسین زۆربەی کات کۆمەڵەیەکی نیمچە تێکەڵە، زیاتر لەوەی توخمێکی ڕاستەقینە بێت و خاوەن پێکهاتەیەکە، کە بە وردی ناتوانرێت درێژییەکەی دیاری بکرێت (جميل حمداوي، 2020: 9)، بەم چەشنە ناونیشان پێناسەی زۆر و جیاوازی بۆ کراوە.

دەتوانین بڵێین: کە چەمکی ناونیشان بە چەند شێوەیەکی جیاواز پێناسەکراوە. هەروەك: (لیۆ هۆک / Leo hoek) دەڵێت: ناونیشان لە کۆمەڵێک (وشە- ڕستە- دەق) پێکدێت، کە لەسەر سەری هەر دەقێك دادەنرێت، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی گشتی دەقەکە بەخوێنەر بناسێنێت (Leo H. Hock, 1981:17) (لیۆ هۆك) ناونیشانی بە نیشانەکانی زمانەوانییەوە بەستۆتەوە، بەڵام ڕۆلاند بارت (Roland Barthes)لە دیدگایەکی قووڵترەوە تێڕوانینی بۆ ناونیشان هەیە، پێیوایە کە ناونیشان تەنها لە بواری زمانەوانیدا قەتیس نابێت، بەڵکو ((ناڤونیشان ژ هندەك بیاڤێن مانایی و سیمیۆلۆژی پێکدێت و چەندین پڕەنسیپێن: ئەخلاقی، جڤاکی، ئایدولۆژی، بخۆڤە دگرن)) (نازدار عارف بریندار، 2020: 397)، بەم چەشنە ناونیشان تەنها لایەنی زمانەوانی لە خۆی ناگرێت، بەڵکو فرە ڕەهەندە و زۆر بواری جیاواز لەخۆ دەگرێت. جگە لەوەش ناونیشان نموونەی بەرزترین ئاستی ئابووریکردنی زمانە، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێگەیشتن و شیکردنەوەی توانا و کارامەیی زۆری دەوێت. بۆ کردنەوەی کۆد و ڕەمزەکانی پێویستمان بە زانستی سیمیۆلۆژیا و لێکدانەوەیە. دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە سەیری ناونیشان بکەین:

١ – ناونیشان وەک سیستەمێکی داخراو بە ڕووی خۆیدا و پێکهاتوو و تەواو لە خودی خۆی و بۆ خودی خۆی.

٢ – ناونیشان وەک سیستەمێکی کراوە بە ڕووی دەق و نادەقدا، جگە لەوەی ناونیشان دەقێکی هەڵپاچراو و کورتکراوەیە و سیستەمێکی دەلالییە، کە ئاماژە پێکراوە بەهۆی بونیادە دەلالییە ڕووکەشییەکەی و بونیادە دەلالییە قوڵەکەی، کە خۆی لە دەقی سەرەکیدا دەبینێتەوە (خەلیل ئیبراهیم مستەفا، 2024: 54-55).

بە وتەی "الغذامي" ناونیشان ((داهێنانێکی مۆدێرن و نوێیە کە شاعیرەکانمان لە لاسایی شاعیرانی ڕۆژئاواوە و ڕۆمانتیکیەکەکان وەریانگرتووە)) (الغذامی، 1998، 263)، بۆیە کاتێک ڕەخنەگرانی عەرەب هەوڵی پێناسەکردنی ناونیشان و گرنگییەکەی دەدەن، پێناسەکانیان زۆر لە پێناسەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا نزیکە، چونکە ئەوان یەکەم جار گرنگییان بەم بابەتە داوە و لێکۆڵینەوەی تیۆرییان لەسەر کردووە. لای دکتۆر جەمیل حەمداویش ناونیشان یەکەمین شتە کە توێژەر دەست بە خوێندنەوەی دەکات و دەروازەکانی دەق لە ڕووی سیمیۆلۆجییەوە دەکاتەوە (جميل حمداوي، 2020: 9)، ناوبراو جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی ناونیشان دەکاتەوە، وەک کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە دەق. هەروەها (خالد حسين حسين)، بۆچوونی لە گەڵ (لیو هۆك) نزیکە، کە پێیوایە ناونیشان بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی دەق، وەك دەروازەیەك وایە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکەکەی. ناونیشان لە سەرەتای دەقدا دەردەکەوێت و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دیاریکردنی چوارچێوەی فیکری و ئایدیۆلۆژی دەقەکە. لە ڕوانگەی زمانەوانییشەوە، ناونیشان وەك نیشانەیەکی سیمیائی کار دەکات و پردێك دروست دەکات لە نێوان دەق و واقیعدا. ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی-واتاییدا (سۆسیۆ-دەلالی) دروست دەبێت و دەبێتە خاڵی یەکگرتنی نێوان دەق و جیهانی دەرەوە (خالد حسين حسين، 2007: 99)، بۆیە نووسەران گرنگییەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ناونیشان دەدەن، چونکە ((هەڵبژاردنی ناونیشانی باش بۆ چیرۆك، ئەو جوانکارییە یە کە سەرکەوتوویی بە چیرۆکەکە دەبەخشێ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێتە جێگای سەرنجی زیاتری خوێنەر)) (سروە طاهر عەلی، 2015: 112)، بەم چەشنە ناونیشانی سەرکەوتوو دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سەرکەوتنی دەقەکە هەبێت .

لە ئەدەبی کوردیدا نووسەران و ڕەخنەگران گرنگییەکی تایبەتیان بە پێناسەکردنی ناونیشان داوە. کە ناونیشان ((کلیلێکە لە کلیلەکانی دەق یاخود پرۆسەیەکی پەیوەندییە و دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق، چونکە دەق بە گشتی لە خودی خۆیدا خاوەن دەلالەتی جیاوازە، ئیدی ئەم دەقە کورت بێت یان دریژ، نوێ یان هاوچەرخ بێت گرنگ نییە ، بەڵکو گرنگ بوونی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەناو دەقەکەدا هەن، چونکە سیمیولوژییەکان باوەڕیان وایە شتێك لە دەرەوەی دەقەوە نییە)) (لوقمان رەئوف، 2016: 283)، کەواتە ناونیشان پرۆسەیەکی پەیوەندییە و گرنگی بە پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەق دەدات، وەك کلیلێك وایە بۆ کردنەوەی دەرگای تێگەیشتن لە پەیوەندییە شاراوەکانی ناو دەق و دۆزینەوەی ئەو پەیامانەی کە نووسەر مەبەستیەتی بیگەیەنێت.

پەیوەندیی نێوان ناونیشان و دەق لەوەدایە کە ((ناونیشان و دەق دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، هەردوولا یەکتری تەواو دەکەن)) (دیار لەتیف، 1399: 17)، کە هەر یەکەیان ئەوی تریان تەواو دەکات و پێکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن.

### 4-1-1 گرنگیی ناونیشان:

سەرهەڵدانی ژانری چیرۆک گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پێگەی ناونیشاندا هێنایەکایەوە، بەجۆرێک کە ناونیشان بووە توخمێکی سەرەکی و دانەبڕاوی دەق. هەروەها بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی، ناونیشان گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە و گرنگییەکەی هەر لە زیادبووندا بووە، وەك ئاشکرایە ((تێڕامان و گرنگیدان بە ڕەگەزی ناونیشان بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخە، کە لەژێر کاریگەریی بواری زمانناسی دەقدا وەکو ڕەگەز و بنەمای جوانیناسی تەماشای دەکەن، واتە سەرەتا و گرنگیپێدانی ئەم ڕەگەزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێ و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ)) (سامان جەلال و ڤان بەختیار، 2023: 22)، ئەم گۆڕانە زانستییە لە تێگەیشتنی ناونیشان، ڕێگەی بۆ لێکۆڵینەوەی قووڵتر و زانستیانەتر خۆش کردووە، کە تیایدا ناونیشان لە پەراوێزەوە هاتە ناوەندی سەرنج و گرنگیپێدانی، بووە کلیلی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەق، لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ناونیشانێکی گونجاو هونەرێکی ئەدەبی قوڵ

و پڕ لە وردەکاریی ئەدەبییە. بۆیە ((هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ هەر دەقێك بە گشتی و بۆ چیرۆك بە تایبەتی کارێکی قورسە و لە هەمان کاتدا گرنگییەکی زۆریشی هەیە)) (روناك سەلاح عەلی، 2017: 264-263)، هەروەك (جەبار جەمال غەریب)ی ڕۆماننووس دەڵێت: ((ناونیشان لە ژیانی نووسینی مندا، ئەوەندەی کتێبەکە گرنگە، هەمیشە بەو عەقلیەتە بیرم کردۆتەوە، کەوا بنووسم، بۆیە دەبینین لەیەکەم نووسینمدا، گەمەی ناونیشان بەردەوام لەگەڵ مندا دێت)) (عبدالستار پیرداود حسن، 2023: 113)، کەواتە نووسەر دەبێت بە وریاییەوە ئەو ناونیشانە هەڵبژێرێت، کە بتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و پەیامی سەرەکیی دەقەکە بگەیەنێت.

ناونیشان ڕەگەزێکی گرنگی دەقە و ((کاریگەریی خۆی بەسەر دەقەوە دەبێت، گرنگی ناونیشان لەوەدایە کە توخمێکی گرنگی پێکهاتە ئەدەبییەکەیە، هەروەها پێکهاتەیەکی ناوەوەی دەقە و بایەخێکی دەلالیش بۆ خوێنەر دروست دەکات و دەبێتە نوێنەری دەستەڵاتی دەق)) (سامان جەلال و ڤان بەختیار، 2023: 22)، لەم سۆنگەیەوە کە ناونیشان ڕەگەزێکی سەرەکییە و کە ڕۆڵی گرنگی لە دیاریکردنی ناسنامەی دەق و ڕێکخستنی چوارچێوەکەی هەیە، لە ڕێگەی ناونیشانەوە خوێنەر دەتوانێت لە ناوەڕۆك و مەبەستی دەقەکە تێبگات، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەقەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا خۆی بە خوێنەر بناسێنێت، هەموو نادیاری و ناڕوونییەکی لێ دووربخاتەوە (نبيلة تاوريريت، 2016: 26).

لە درێژەی ئەم تێڕوانینە جیاوازانەدا بۆ ناونیشان، جیرار ڤینیێ (Gérard Vigner)یش لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە سەیری پەیوەندی نێوان ناونیشان و دەق دەکات. لای ئەو ناونیشان وەك بنەمایەکی سەرەکی و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەق وایە، هەر وەك چۆن دایك منداڵ دەخاتە دنیاوە، ناونیشانیش بەهەمان شێوە هەموو واتا و چەمك و بیرۆکەکانی دەق لە خۆیەوە دەخاتەڕوو و پەرەیان پێدەدات (جميل حمداوي، 2020: 17)، (ڤینیێ) ناونیشان وەک سەرچاوەیەکی زیندوو و کاریگەر دەبینێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا. بەم پێیە ناونیشان واتا و چەمکەکانی دەق لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەرەبەرە پەرەیان پێدەدات. هەروەك لوسیان گۆڵدمان (L.GOLDMANN) دەڵێت ((ناونیشان چراخانی دەقە)) (هیمداد حسین و عبدالله محمد، 2021: 206)، کە ئەمەش وێنەیەکی جوان و کورتکراوەی گرنگی و ڕۆڵی ناونیشانە لە ڕووناککردنەوە و ناساندنی دەقدا. هەروەها ناونیشان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((هەڵگری کۆمەڵێك زانیارییە سەبارەت بەدەقەکە و لە شێوەی ڕێبەرێکی زۆر بچوك، یان وەك ئاماژەیەك و وێنەیەکی بچووککراوەی دەق، دەق بەخوێنەر دەناسێنێ و کلیلێکە لەدەستی خوێنەردایە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی پێکهاتەی دەق)) (هێمن عومەر خۆشناو، 2009: 187)، بەمەش ناونیشان دەبێت پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەبێت و بەشێوەیەک داڕێژرابێت، کە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات.

**5-1-1 ناونیشان و ژێرناونیشان:**

ناونیشان و ژێرناونیشان، دوو پێکهاتەی سەرەکیی چیرۆکن، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهاتە و گەشەسەندنی چیرۆکدا هەیە. ناونیشان یەکەم شتە خوێنەر دەیبینێت و یەکەمین پەیامی دەقەکەیە کە دەگاتە خوێنەر و پێی ئاشنادەبێت، بە شێوەیەکی گشتی ناونیشان لە وشەیەك یان گرێیەك یان ڕستەیەك یان هێمایەك پێك دێت، کە پێویستە بەهێز و پڕ واتا بن، چونکە ئەرکی سەرەکی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە. جگە لەمەش شێوازێکی تایبەتی نووسینی هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ شێوازی نووسینی ژێرناونیشان. زۆرجار ناونیشان تەنها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بەکاردێت، لەم کاتانەدا ژێرناونیشانەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ڕوونکردنەوەی مەبەستی سەرەکی و ناوەڕۆکی دەقەکە (سەنگەر زراری، 2025: 47)، هەرچەندە ژێرناونیشانەکان لە چیرۆکەکاندا ڕێچکەیەکی تایبەتییان وەرگرتووە، بەڵام لە کۆتاییدا خزمەتی ناونیشان دەکەن لە ڕوونکردنەوەی ناونیشان و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، کەواتە ژێرناونیشانەکان پێکهاتەیەکی گرنگی چیرۆکن، کە وەک پردێک وایە لە نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، جگە لەمەش ((ئەو ژێرناونیشانە بەکاردەهێندرێت بۆ وەسفکردنی ناونیشانی سەرەکی کە بەزۆری ناڕوونە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەینەوە)) (كريمة جعود – نورة حميداش، 2020: 17)، بەم پێیە ژێرناونیشان ڕۆڵێکی تەواوکاری هەیە لە ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە لە ناونیشانی سەرەکیدا دەرنەکەوتوون. بەڵام بوونیان مەرج نییە لە دەقی چیرۆکەکەدا. چیرۆکنووس دەتوانێت تەنها بە بەکارهێنانی ناونیشانی سەرەکی مەبەستی خۆی بگەیەنێت و پێویست ناکات هەمیشە هەردووکیان پێکەوە بەکاربهێنرێن (نازدار عارف بریندار، 2020: 400)، جگە لەمەش ئەم جۆرە ناونیشانە وەک کلیلێک وایە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی

خوێنەر و دەرخستنی گرنگترین بیرۆکەکانی ناو بابەتەکە، کە دەبێتە هۆی هاندانی خوێنەر بۆ درێژەدان بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە.

کاریگەریی ناونیشان و ژێرناونیشان لەسەر خوێنەر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرکەوتنی چیرۆکدا هەیە. کە ((ناونیشانی سەرەکی، وەک بناغە و کۆڵەکەی پرۆسەی ناونیشاندانان، بە پیتی گەورە و بەرچاو دەنووسرێت. ئەم شێوازە نووسینە گرنگی و پێگە ناوەندییەکەی لە دەقدا دەردەخات. لە بەرامبەرد ژێرناونیشان، کە وەک تەواوکەر و درێژەپێدەری ناونیشانی سەرەکی دادەندرێت، بە پیتی بچووکتر دەنووسرێت. ژێرناونیشان دەکرێت هەبێت یان نەبێت، بەڵام کاتێک بەکاردێت، ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە ڕوونکردنەوە و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی دەقەکەدا)) (مسكين حسنية، 2014: 53 -54)، بەم چەشنە ناونیشان یەکەم پەیوەندییە لە نێوان چیرۆك و خوێنەردا، هەر بۆیە دەبێت بەشێوەیەك بێت، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و هانی بدات بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە. هەروەها ژێرناونیشان بەکاردێت بۆ ((ئەنجامدانی ئەرکی هەوڵدان و ڕوونکردنەوەی وردەکاری لە کاتێکدا کە خوێنەر نەتوانێت واتای داواکراو لە ناونیشانی سەرەکییەوە وەربگرێت)) (كريمة جعود – نورة حميداش، 2020: 17)، لە لایەکی دیکەوە ناونیشان و ژێرناونیشان تەنها ئەرکی جوانکاری نابینن، بەڵکو وەك بەشێکی گرنگی پەیوەندی نێوان چیرۆکنووس و خوێنەر کار دەکەن. لە ڕێگەی ناونیشانێکی جوان و ژێرناونیشانێکی ڕوونکەرەوەوە، چیرۆکنووس دەتوانێت پەیامی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەرتر بگەیەنێت بە خوێنەر. ئەمەش وای کردووە، کە ناونیشان و ژێرناونیشان ببنە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی و گەیاندنی پەیام.

## 2/ بەشی پراکتیکی


### 2/ 1پەیوەندەی ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا:

بۆ ڕوونتر نیشاندانی پەیوەندیی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا، پێویستە لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتی چیرۆکەکان چەند زانیارییەك بخرێتەڕوو، کە ڕوونکەرەوەی ڕەوڕەوەی گشتیی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانە، کە دواجار لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانە پەیوەندیی ناونیشان و ژێرناونیشان ڕوونتر دەبنەوە. ئەوانیش بریتین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-1/2 دەیەی یەکەمی گۆڕانکارییە ئامارییەکانی چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری ڕاماندا

ناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا وەک بنەمایەکی دیار و ڕوون لە پەرەسەندنی ئەدەبی کوردیدا خۆی دەردەخات. ئەم گۆڤارە لە ڕێگەی تەرخانکردنی تەوەرەیەکی تایبەت بۆ چیرۆک لە هەر ژمارەیەکیدا، گرنگییەکی بەرچاوی بە ناونیشانداوە. وەك دەبینین کە لە نێوان ساڵانی (1996-2005)دا زۆرترین ژمارەی چیرۆك لە ساڵی (١٩٩٧)دا بووە، کە ژمارەیەکی بەرچاوی چیرۆکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە ڕێژەکەی (١٩.١٪)بووە. ئەم سەردەمە دەکرێت وەک سەرەتای گەشەسەندنی ناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا سەیربکرێت. دواتر دەبینین ڕێژەکان لە ساڵانی (١٩٩٨ و ١٩٩٩)دا کەمێک دادەبەزن بۆ ڕێژەی (١١.٩٪)، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٠) دووبارە ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆ (١٤.٦٪) - لە (٢٠٠١) (١٣.١٪) - (٢٠٠٢) (١٤.٦٪) بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە دابەزینی بەرچاوی ڕێژەکەیە لە ساڵانی (٢٠٠٣) (٢.٥٪) - (٢٠٠٤) (٤.٤٪)، کە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان لەسەر بەرهەمهێنانی چیرۆکدا. بەجۆرێک ئەم بەرزی و نزمییە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی لە کوردستاندا هەبووە، بە تایبەتی لە گۆڤاری ڕاماندا. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر دابەشبوونی ڕێژەی چیرۆکەکان بە پێی ساڵەکان لە گۆڤاری ڕاماندا، لەم (تابلۆ)یە دەخەینەڕوو:




گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆی ژمارە (1) دابەشبوونی ڕێژەی چیرۆکەکان بە پێی ساڵەکان

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تابلۆیەدا هەڵبەز و دابەزی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری ڕامان دەبینرێت، ئەم جیاوازییە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر هەمەجۆری و بەرز و نزمی ڕێژەی ناونیشانی چیرۆکەکانیش دەبێت.

**2-1/2 دەیەی یەکەمی گۆڕانکارییە ئامارییەکانی ژێرناونیشانەکان لە گۆڤاری ڕاماندا**

بەکارهێنانی ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا لە ماوەی (١٩٩٦-٢٠٠٤)دا گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. لە سەرەتای ئەم ماوەیەدا، واتە لە ساڵی (١٩٩٦)دا تەنها (٥٪)ی چیرۆکەکان ژێرناونیشانیان هەبووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٧)دا ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرزبووەتەوە بۆ (٢٣٪). دواتر لە ساڵانی (١٩٩٨ و ١٩٩٩)دا ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (٩٪)، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دووبارە بەرزبووەتەوە بۆ (١٤٪). بەرزترین ڕێژە لە ساڵی (٢٠٠١)دا تۆمارکراوە کە (٢٣٪) بووە، کە هاوشانی ساڵی (١٩٩٧)ە. لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ڕێژەکە (١٤٪) بووە، بەڵام لە ساڵانی (٢٠٠٣ و ٢٠٠٤)دا بە تەواوی دابەزیوە بۆ (٠٪) و (٥٪).




تابلۆی ژمارە (2) دابەشبوونی ڕێژەی ژێر ناونیشانەکان بە پێی ساڵەکان


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-1-2 ڕەنگدانەوەی پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ناونیشانی چیرۆکەکانی ڕاماندا:

ناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا، ڕەنگدانەوەی هزری جیاوازی چیرۆکنووسانی پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانە ، دابەشبوونی ڕێژەی چیرۆکەکانیش بەپێی ئەو جوگرافیا جیاوازەیە کە دەرخەری ڕاستییەکی مێژوویی و سیاسییە، کە کاریگەریی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی دروست کردووە. بەپێی داتاکان چیرۆکی چیرۆکنووسانی باشووری کوردستان بە ڕێژەی (٦٧.٢٪) ڕابەرایەتی ئەم بوارەی کردووە، کە دەکرێت بە هۆکاری ئازادی زیاتری بڵاوکردنەوە و دەرفەتی چاپەمەنی کوردی لەم بەشەدا لێکبدرێتەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (٢١.٤٪) لە پلەی دووەمدا دێت، کە نیشاندەری بەردەوامیی کاری ئەدەبی کوردی و پەیوەندی نێوان نووسەرانی ڕۆژهەڵات و چاپەمەنیی کوردییە، بە تایبەتی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین ئەم هەماهەنگییە زۆرتر دەبینرێ، سەرباری ئەوەی لەم ناوچەیە سنوور بۆ بابەتە ئەدەبیەکان و ئازادی نوسین دانراوە. ئەوەی جێگای سەرنجە کە دەرەوەی وڵات بە (١٠.٢٪) پلەی سێیەمی گرتووە، کە ئەمەش دەرخەری ڕۆڵی نووسەرانی تاراوگەیە لە پاراستن و بەردەوامیدان بە چیرۆکی کوردی. بەڵام ڕێژەی کەمی چیرۆک لە ڕۆژئاوا (٠.٨٪) و باکووری کوردستان (٠.٤٪) ئاماژەیە بۆ ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە چیرۆکنووسانی ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، وەک سنوورداری زمان و چاپەمەنی کوردی و کەمی پەیوەندی کلتووری. ئەم دابەشبوونە جوگرافییە وێڕای ڕەهەندە ئەدەبییەکەی، نیشاندەری ئەو پارچەبوونەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمهێنانی ئەدەبی کوردی هەبووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆی گشتی دابەشبوونی چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕامان بەپێی پارچەکان (باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) و (دەرەوەی وڵات) لەم (تابلۆ)یە خراوەتەڕوو:





تابلۆی ژمارە (3) کۆی گشتی دابەشبوونی چیرۆکەکان بەپێی پارچەکان

## 4-1-2 ڕەنگدانەوەی پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ژێر ناونیشانی چیرۆکەکانی ڕاماندا:

دابەشبوونی بەکارهێنانی ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا بەپێی پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات ئاماری جیاواز بەدی دەکرێت. باشووری کوردستان بە ڕێژەی (٥٥٪) بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی ژێرناونیشانی هەیە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو گەشەسەندن و پێگەیشتنەیە کە لە ژانری چیرۆکدا لەم پارچەیە ڕوویداوە. باکووری کوردستان بە ڕێژەی (٢٧٪) لە پلەی دووەمدا دێت، کە سەرباری کەمی ژمارەی گشتی چیرۆکەکانی، بەڵام ئەو چیرۆکانەی لەم پارچەیەوە بڵاوکراونەتەوە ڕێژەیەکی باشی بەکارهێنانی ژێرناونیشانیان هەیە. دەرەوەی وڵات بە ڕێژەی (١٨٪) لە پلەی سێیەمدا دێت، کە نیشاندەری ئەوەیە کە چیرۆکنووسانی تاراوگە هەندێکجار سوود لە ژێرناونیشان وەردەگرن. ئەوەی جێگای سەرنجە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان هیچ چیرۆکێکیان بە ژێرناونیشان نەبووە (٠٪)، کە ڕەنگە پەیوەندی بە ئاراستەی تایبەتی چیرۆکنووسانی ئەم دوو پارچەیەوە هەبێت. ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەشبوونە ڕوونی دەکاتەوە کە بەکارهێنانی ژێرناونیشان جیاوازییەکی بەرچاوی لە نێوان پارچەکاندا هەیە.




تابلۆی ژمارە (4) کۆی گشتی دابەشبوونی ژێرناونیشانەکان بەپێی پارچەکان

## 2-2 ناونیشان و ژێرناونیشان لە چیرۆکەکانی ڕاماندا:

لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا کۆمەڵێك ناونیشان، ژێرناونیشانی هەیە، هەر یەك لەم ژێرناونیشانانە ڕۆڵیان لە ڕوونکردنەوەی ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکەدا هەیە، ، هەر لەم چوارچێوەیەشدا دەتوانین چاوێك بە ژمارەی چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا بخشێنینەوە، لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکاندا، دەکرێت بگوترێت ناونیشان و ژێرناونیشان کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٦-٢٠٠٥)، لە کۆی (٤81) چیرۆکی بڵاوکراوە، تەنها (٢٢) چیرۆك ناونیشانەکانییان ژێرناونیشانیان هەیە. هەروەها ژێرناونیشانەکانمان بەسەر دوو جۆر دابەشکردووە، بەم شێوەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-2-2 ناونیشان و ژێرناونیشانی (وتە و دێڕە شیعر):**

ئەم جۆرە ژێرناونیشانانە، کە وەک کلیلێک وان بۆ تێگەیشتن لە واتای چیرۆکەکە، گرنگییەکی تایبەتیان لە پێکهاتەی چیرۆکی کوردیدا هەیە. (وتە) کە هەڵگری بیرێکی پوختە، هەمیشە دەستبەدەست لە نێوان نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە، شوێن پەنجەی ئەزموونی نەتەوەیەک پیشان دەدات. (دێرە شیعر) دەربڕینێکی کورت و پوخت و کاریگەر و پڕ واتایە.

لەم جۆرە ژێرناونیشانانەدا. ((ناونیشانی لاوەکییەکە دەتوانێ شیکارییەکی باش بێت)) (سەنگەر زراری، 2025: 47)، ئەم شیکارییە بۆ چیرۆك یان کتێب یان تابلۆ یان هەر بوارێکی هونەری بێت، ئەمە وا دەکات کە چیرۆکنووس پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا بە شێوەیەکی قووڵتر دروست بکات، تەنانەت دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە ژێرناونیشانانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە چیرۆکنووس بە چەند وشەیەکی چڕوپڕ سەرەداوی ڕاستییەکان دەخاتەڕوو.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ناونیشان و ژێرناونیشانەکانی (وتە و دێڕە شیعر) بریتیبوون لە (10) ژێرناونیشان، بەم شێوەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

خشتەی (1) ناونیشان و ژێرناونیشانی (وتە و دێڕە شیعر)

| زنجیرە | ناونیشان | ژێرناونیشانەکەی | جۆری ژێرناونیشان | نووسەرەکەی | ژمارەی گۆڤار |
|---|---|---|---|---|---|
| **1** | گەڕانەوە | ((بۆ رازی نازت داوە بە کۆڵی ئەو کورسییە بێ هەست و خوستەدا؟ ئەدی بۆ چاوێك نابڕیتە منی تەنیاو تۆزقالێك تەنیاییم بڕەوێنیتەوە، یان ئەگەر دەتوانی کەوی بکەی!..)) | دێڕە شیعر | حەمە کەریم عارف | 2 |
| **2** | شەو | هێند صاحێب سیرڕە، میعراج و شەوی قەدر و بەرات خاصە جاتی ئەون، | دێڕە شیعر | سابیر رەشید | 13 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | مومتازە بەم ئەسرارانە شەو (مەحوی) | | | |
| 3 | تەرم | لە زیندانی تەنیاییمەوە تا چاو بڕکات دەشتی بێکەناری بێدەنگییە بەفر گرتوویەتی. بەم شەوگارە هاوارێ وەك لوورە دەنگ دەداتەوە، هاواری بەندییەکە تاك و تەنیا. | وتە | فەرهاد شاکەلی | 13 |
| 4 | خەفەبوونەوە | ئەم خەونە پاش ساڵانێك هاتە دی... بەڵام بە چ شێوەیەك!! تەنانەت خاوەن خەونەکەش ببووە بنیادەمێکی ترا! | وتە | تەها ئەحمەد ڕەسوڵ | 17 |
| 5 | تەماشاکان | جارێکیان ڕەووف بێگەردی هاوڕێم هەواڵی پرسیبووم، وتم: من وەك ساڵحی هۆمەر دەژیم | وتە | ئەحـمەد مـحەمـمەد ئیسماعیل | 30 |
| 6 | کودەتا لە وڵاتێکی غەریب! | نێوی ئەم چیرۆکە لە ئاخیریدا بخوێننەوە! | وتە | عەلی غوڵام عەلی | 53 |
| 7 | ئاوێنە | ((بیرۆکەی کورتە فیلمی)) | وتە | ئاکۆ کەریم مەعرووف | 64 |
| 8 | میر و خەنجەر | ((ئەوەی دەمکوژێ.. دروستم دەکا)) ((نیچە)) | وتە | محەمەد ڕەشید فەتتاح | 71 |
| 9 | هاوڕێیەکی نادیار | لە یادی هاوڕێیەکی نادیاردا (ئەحمەد فەرەج)، وێنەیەکی ڕەش و سپی. | وتە | ئیسماعیل حەمەئەمین | 73 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **10** | ا د م | فیردەوسەکان لە ڕۆژهەڵات نین، فیردەوسەکان لە ڕۆژئاوانین؛ لەم ڕێگایەدا بگەڕێ کە لێیەوە هاتیت، دەبینیت هەر هەمووی لەناو ناخی خۆتدان | وتە | دیدار کەریم | 91 |

لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا لە کۆی (10) ژێرناونیشان کە لەخشتەکە ئاماژەمان پێکردووە، (8) ژێرناونیشان (وتە)یە، هەروەها (2) ژێرناونیشان (دێرە شیعرە)، بەم شێوەیە ڕوونمان کردیتەوە:

### 1-2-1 -1 ژێرناونیشانی وتە:

وتە هونەرێکی تایبەتە کە پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی هەیە لە دارشتنیدا. لە زمانی کوردیشدا، وتە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە پاراستن و پەرەپێدانی بیرۆکەکان لە هەموو بوارەکاندا، هەر بۆیە وتە ((لە ناوئاخنی کتێبە ئاسمانییەکان و فەرموودەی پێغەمبەران و بگرە تا قسەی زانا و دانا و فەیلەسوف و بیرمەند و شاعیر و هونەرمەند و سیاسی و کەسە دیار و ناسراوەکانی مێژووی دێرین و سەردەم)) (مەولود ئیبراهیم حەسەن، 2024)، دەگرێتەوە. جا ئەو گێڕانەوەیە بە شێوەی (ڕاستەوخۆ) بێت، یان (ناڕاستەوخۆ). لەم جۆرە قسەکردنەدا، قسەکەر پێویستی بە بەکارهێنانی کردارەکانی وتن وەک: "گوت"، "وت"، "پرسی"، "وەڵامی دایەوە" و هتد هەیە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیریکی ژێرناونیشانەکانی چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕامان بکەین، دەبینین چیرۆکنووسان ژێرناونیشانەکانیان بە وتە بەستاوەتەوە، لەبەر ئەوە وتە قسەی ئاسایی نییە، لە پاڵ وتە کۆمەلێك بیرۆکە هەیە، چیرۆکنووس دەتوانێ ناونیشانی چیرۆکەکەی لە ڕێگەی بیرۆکەی وتەوە ڕوونتربکاتەوە و بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ببەستێتەوە. لە ڕێگەی ئەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت کە چیرۆکنووسان وتەیان لە ژێرناونیشانەکانیاندا بەکارهێناوە، لەم دوو چیرۆکەدا ڕوون دەکەینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چیرۆکی یەکەم/ لە ژێرناوونیشانی چیرۆکی (خەفەبوونەوە)ی (تەها ئەحمەد ڕەسوڵ) هاتووە: (ئەم خەونە پاش ساڵانێك هاتە دی... بەڵام بە چ شێوەیەك!! تەنانەت خاوەن خەونەکەش ببووە بنیادەمێکی ترا) (تەها ئەحمەد ڕەسول، 1997: 96).

ناوونیشانی (خەفەبوونەوە) وەک ناوونیشانی سەرەکی، نیشانەیەکی دەلالیی قووڵ و چڕە، کە چەندین لایەنی واتای هەڵگرتووە، لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە (خەفەبوونەوە) وەک دالێک ئاماژەدەکات بۆ چەمکی (نەمان، توانەوە، ونبوون یان نەبینران). مەدلوولەکانی ئەم دالە دەکرێت هەم فیزیکی بێت وەک: (ونبوون لە شوێن یان مردن) هەم مەجازی و دەروونی بێت (وەک لەبیرکران یان دووری لە یادەوەری).

لە چیرۆکەکەدا، ئەم دالە بەرجەستە دەبێت کاتێک کارەکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی، بەڵام خەڵکەکە وەک (خەون، خەیاڵ یان مردوویەک) مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. وەکو لە دەقەکەدا هاتووە: ((ئەە خۆ دڵشادمان ماوە! ئەوە دڵشادە... وتیان مردووە!! کێ ئەوەی وتووە؟! ئەوە نییە لە باوەشتایە؟!..))، ئەم دەقە پیشانی دەدات کە چۆن کەسەکە (خەفەبووەتەوە) لە یادەوەری خەڵکی گوندەکەدا و تەنانەت بوونی ڕاستەقینەی لە لادا نەماوە، وەک مردوو دەیبینن، ئەمەش ناوونیشانەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەبەستێتەوە.

هەرچی دەقی ژێرناوونیشانەکەیە لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە چەند دالێکی گرنگ هەڵدەگرێت: وشەی (خەون) وەک دالێک کە مەدلوولەکەی دەکرێت ئەو هیوا و ئاواتە بێت، کە کەسەکە بۆ گەڕانەوە هەیبووە. وشەی (هاتنەدی) وەک دالێک کە مەدلوولەکەی دەکرێت بەدیهاتنی شتێك بێت لە ژیاندا، بۆ نموونە گەڕانەوەی دڵشاد بۆ گوندەکەی بووە.

ئەم ژێرناوونیشانە دەرگا لەسەر چەندین واتا دەکاتەوە، هەوڵدەدات ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لە چیرۆکەکەدا، ئێمە دەبینین کە کارەکتەرەکە خەونی گەڕانەوەی بۆ گوند و گەیشتنەوە بە کەسوکاری هەبووە، کە (( لە مەراقی گەڕانەوەدا بوو، مەراقێك کە بیست و چوار سەعاتە ئارامی لەبەر هەڵگرتبوو و بۆ ساتێك لێ نەدەگەڕا چێژ لە چرکەکانی ببینێ))، بەڵام کاتێک ئەو خەونە دێتە دی، بە شێوەیەکی تراژیدی و نەخوازراو دەبێت، چونکە ئەو وەک خۆی نەماوە و خەڵکەکەش ئەویان لەبیرکردووە، وەک خەیاڵێک یان خەونێک دەیبینن: ((بەخێربێیەوە... هەر دەمزانی دەگەڕێیتەوە))، لە ڕووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیمیۆلۆژییەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: کێ خەفەبووەتەوە؟ کەسەکە، یان خەلکی گوندەکە؟ هەر بۆیە ژێرناوونیشانەکە کە دەڵێ: (ئەم خەونە پاش سالانێك هاتە دی... بەڵام بە چ شێوەیەك!! تەنانەت خاوەن خەونەکەش ببووە بنیادەمێکی ترا) زانیاریی زیاتر دەدات و دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی واتای ناوونیشانی سەرەکی.

دەقێکیتر لە چیرۆکەکەدا، کە ئەم پەیوەندییەی نێوان ناوونیشان و ژێرناوونیشان پشتڕاست دەکاتەوە: ((لە بەر دەرکی ماڵی خۆیان ڕاوەستا، پێی سەیربوو وا زوو گەیشتۆتە جێ، پاش تاوێك... وتی: ئەوە دڵشادە؟ ئاخ، من خەونم بینی، خۆزگە منیش جارێک دەهاتمە خەوتەوە!))، لێرەدا دەبینین کە کارەکتەرەکە لە (خەونی) ئەوانی دیکەدا خەفەبووەتەوە، وەک خەیاڵێک دەبینرێت، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژێرناوونیشانەکەوە هەیە.

سیمیۆلۆژی ناوونیشان و ژێرناوونیشان لە چیرۆکی (خەفەبوونەوە)دا وا نیشانمان دەدات، کە چۆن ئەم دووانە پێکەوە پەیوەندییەکی واتایی و هێمایی دروست دەکەن و چۆن دەبنە کلیلی تێگەیشتن لە چیرۆکەکەدا. ناوونیشانی سەرەکی (خەفەبوونەوە) وەک نیشانەیەکی سەرەکی، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و ژێرناوونیشان وەک شیکەرەوەیەک ڕۆڵ دەگێرێت.

**چیرۆکی دووەم/** چیرۆکی ( ا د م)ی (دیدار کەریم) کە ژێرناونیشانەکەی (فیردەوسەکان لە ڕۆژهەڵات نین، فیردەوسەکان لە ڕۆژئاوانین؛ لەم ڕێگایەدا بگەڕێ کە لێیەوە هاتیت، دەبینیت هەر هەمووی لەناو ناخی خۆتدان) (دیدار کەریم، 2004، 146).

ژێرناونیشانی وتەی ئەم چیروکە ڕۆڵی تەواوکەری هەیە بۆ ناونیشانی کورتی **"ا د م"**. ئەگەر ناونیشانی سەرەکی تەنها ئاماژەیەکی مێژوویی و ئایینی بێت بۆ یەکەم مرۆڤ، ژێرناونیشانی وتە ئەم ئاماژەیە لە بواری جوگرافی و کۆنەوە دەهێنێتە بواری فەلسەفی و هاوچەرخ .لەڕاستیدا ژێرناونیشانەکە مانای ناونیشانی سەرەکی لە کۆنەوە ڕزگار دەکات و دەیخاتە ناو چوارچێوەیەکی ڕۆحانی و فەلسەفی. بەمەش ئەم ژێرناونیشانە دڵنیامان دەکاتەوە کە چیرۆکەکە باس لە گەڕانی ئادەمی هاوچەرخ دەکات بۆ دۆزینەوەی ناسنامە و حەقیقەتی خۆی، نەک تەنها باسکردنی ئادەمی یەکەمین بە شێوەی نەریتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئاستی دەستنیشانکردندا، نیشانەی سەرەکی "ا د م" مەدلوولێکی ڕاستەوخۆی هەیە کە بریتییە لە ناوی یەکەم مرۆڤ لە نەریتە ئایینییە یەکتاپەرستییەکاندا. بەڵام لە ئاستی ئیحادا، ئەم نیشانەیە کۆمەڵێک مانای فەلسەفی و دەروونناسی بەرهەم دەهێنێت کە پەیوەستە بە سەرەتای مرۆڤایەتی، کەوتن لە بەهەشت، ئەزموونی سەرەتایی مرۆڤ، گەڕانە بەدوای ناسنامە و پرسیارکردنە لە بوون. شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی ناونیشانەکە لە چیرۆکەکەدا وەک (("ا" وەک ڕەمزی باوک و بەرزایی ئاسمان، "م" وەک ڕەمزی دایک و خرپێتی زەمین و "د" وەک پەیوەندیدەری نێوان ئەم دوو جەمسەرە)) نیشاندەری ئەوەیە کە چۆن چیرۆکنووس سیستەمێکی هێمایی فرە مانا بەکارهێناوە کە تیایدا هەر پیتێک مەدلوولی تایبەتی خۆی هەیە و بە کۆمەڵ مانایەکی تەواو دروست دەکەن.

ژێرناونیشانی وتەی چیرۆکەکە چەندین نیشانەی جیاوازی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە پەیوەندی دیالێکتیکی لەگەڵ ناونیشانەکە دروست دەکەن. ((فیردەوسەکان لە ڕۆژهەڵات نین، فیردەوسەکان لە ڕۆژئاوانین)) دووانەیی شوێن (ڕۆژهەڵات/ڕۆژئاوا) تێکدەشکێنێت و چەمکی بەهەشت لە شوێنێکی جوگرافییەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخێکی ڕۆحانی و ناوەکی. بەشی دووەمی ژێرناونیشان ((لەم ڕێگایەدا بگەڕێ کە لێیەوە هاتیت، دەبینیت هەر هەمووی لەناو ناخی خۆتدان)) بانگەشەیەکی فەلسەفانەیە بۆ گەڕانەوە بۆ خود و دۆزینەوەی حەقیقەت لەناو ناخی مرۆڤدا. بەپێی تیۆری بارت دەربارەی فرەماناییبوونی نیشانەکان، ئەم ژێرناونیشانە چەندین توخمی مانایی لە هەمان کاتدا لە خۆیدا کۆدەکاتەوە: میتۆلۆژی ئایینی، فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی، تەسەوفی ئیسلامی و دەروونناسی یونگی.

سیستەمی دووانەیی و دوو ئاستی دەلالەت لەم چیرۆکەدا بە شێوەیەکی ئاڵۆز کاردەکات. چیرۆکەکە پڕە لە دووانەیی، کە لە ئاستی دەستنیشانکردندا سادە دەردەکەون، بەڵام لە ئاستی ئیحادا بۆتە هێمای پەیوەندییە قووڵەکانی نێوانیا. ئاسمان/زەمین، نێر/مێ، ڕۆژهەڵات/ڕۆژئاوا، دەرەوە/ناوەوە، گەشت/گەڕانەوە، هەموویان نیشانەن کە لە ئاستی دەستنیشانکردندا مەدلوولی سادەیان هەیە، بەڵام لە ئاستی ئیحادا دەبنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک مانای فەلسەفی و بوونی مرۆڤ. پەیوەندی پاڵەوانی سەرەکی لەگەڵ "حەوا" و ڕووبارەکانی "دیجلە" و "فوڕات" نیشاندەری پەیوەندی نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزە مێینە و نێرینەکانە، کە بە تیۆری بارت دەبێتە نیشانەی یەکگرتن و تەواوکاری نێوان بەشەکانی ناخی مرۆڤ.

کۆدە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەم چیرۆکەدا بە شێوەیەکی ئاڵۆز کاردەکەن. کۆدی ئایینی (ئاماژەکان بۆ ئادەم و حەوا، بەهەشت، کەوتن)، کۆدی فەلسەفی (گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، ناسینی خود)، کۆدی جوگرافی (ڕۆژهەڵات/ڕۆژئاوا، ڕووبارەکان) و کۆدی دەروونی (ناخی مرۆڤ، یەکێتی دوو ڕێژە) هەموویان تێکەڵ دەبن و سیستەمێکی گشتگیری ماناسازی دروست دەکەن. بەپێی تیۆری بارت، ئەم کۆدانە نیشاندەری ئەوەن کە چۆن کۆمەڵگە بە ڕێگەی کۆمەڵێک سیستەمی نیشانەکانەوە مانا بەرهەم دەهێنێت و دەیانگوێزێتەوە.

چیرۆکەکە ئەوەمان فێردەکات، کە گەڕانی مرۆڤ بۆ خود، وەك ((حەفت شەو و هەشت ڕۆژ لەسەر لم مامەوە)) ، پێویستی بە پشوودرێژی و خۆڕاگرییە، لە کۆتاییدا هەر وەك کارەکتەری چیرۆکەکە، ئێمەش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕاستی بوون و ناسنامە، لە ئاوێتەبوون و لێکتێگەیشتنی دوالیزمی ناخماندا دەدۆزرێتەوە، لێرەدا ژێرناونیشانەکە، کە خەسڵەتی (وتە)ی هەیە، دەبێتە کلیلی کردنەوەی مەتەلی ناونیشانەکە، کە تێیدا نێر و مێ، ئاسمان و زەمین، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ژیان و مردن، هەموویان تێکەڵ دەبن و یەك دەگرنەوە.

**2-1-2 -2 ژێرناونیشانی دێڕە شیعر :**

ژێرناونیشانی دێرە شیعر، کە بە "تاکە دێڕ"یش ناسراوە، وەک ڕوونکردنەوەی ناونیشانی سەرەکی لە چیرۆکدا دێت، کە لە چەند ئەرکی گرنگدا دەردەکەون. ئەم تاکە دێرە هیچ بەیتێکی دیکەی لەگەڵ نییە، ( سەلام ناوخۆش و ئەوانیتر، 2009، 143). لەگەل ئەوەشدا واتادارە، ژێرناونیشانی دێرە شیعر واتا و مەبەستی ناونیشانی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ئاسان بیرۆکەی چیرۆکەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت، ژێرناونیشانی دێرە شیعریش دەتوانێت بە کەمترین ژمارەی وشە زۆرترین واتا و مانا بگەیەنێت. بەم شێوەیە ژێرناونیشانی دێرە شیعر لە چیرۆکداندا نەک تەنها وەک تەواوکەری ناونیشان کاردەکات، بەڵکو وەک پردێکی هونەری دێت کە بەرەو قووڵایی بیرۆکەی چیرۆکەکە ڕێنوێنی خوێنەر دەکات.

لە ڕێگەی ئەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت کە چیرۆکنووس دێرە شیعری لە ژێرناونیشانەکانیدا بەکارهێناوە، بەم شێوەیە خراوەنەتەڕوو:

**چیرۆکی یەکەم/** ناونیشانی چیرۆکی (شەو)ی (سابیر ڕەشید)، کە ژێرناونیشانەکەی بریتییە لە دێرە شیعرێکی (مەحوی) شاعیر کە دەڵێت: (هێند صاحێب سیرڕە، میعراج و شەوی قەدر و بەرات خاصە جاتی ئەون، مومتازە بەم ئەسرارانە شەوا!) (سابیر رەشید، 1997، 162) پەیوەندییەکی سیمیۆلۆژی تێکەڵ دروست دەکەن کە ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکەیە کە بارت باسی دەکات سەبارەت بە دووانەیی دەستنیشانکردن/ئیحا. ناونیشانی "شەو" لە ئاستی دەستنیشانکردندا مانای کاتی تاریکی دەگەیەنێت، بەڵام ژێرناونیشانەکە دەلالەتێکی ئیحایی قووڵتر دروست دەکات کە شەو دەکاتە نیشانەیەک بۆ پیرۆزی، نهێنی و تێگەیشتنی ڕۆحانی. ئەم دێرە شیعرە وەک ئەو چەمکەی بارت دەیسەلمێنێت، کە پێیوایە زمان کلیلی تێگەیشتنە لە مانای هەموو شتەکان، لێرەدا زمانی شیعری بەکارهاتووە بۆ گۆڕینی مانای ئاسایی شەو بۆ مانایەکی پیرۆز و پڕ نهێنی.

چیرۆکەکە لە ڕوانگەی تیۆری بارتەوە، کۆمەڵێک نیشانەی کولتووری و ئایینی لەخۆدەگرێت، کە مانای فرەڕەهەندیان هەیە. نیشانەی "فانوس" لە چیرۆکەکەدا نەک تەنها ئامرازێکی ڕووناکی دانانە، بەڵکو وەک نیشانەیەک بۆ هیوا و پارێزگاری لە تاریکی و ترسدا دەردەکەوێت. وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە: ((هیوام بە ژیان تەنگە. کزە فانۆسەکەش ڕووناکی بەرچاوم خۆشناکا و ترسی خێزانەکەشم سەربارو بنبار))، لێرەدا فانوس وەک ئەو نموونەیەی بارت باسی دەکات، کە شتەکان دەتوانن لە یەک کاتدا هەڵگری زیاتر لە مانایەک بن، بێ ئەوەی ئەم مانایانە دژ بە یەکتر بن. فانوس هەردوو لایەنی پراکتیکی (ڕووناکی) و هێمای (هیوا و ئارامی) جێبەجێ دەکات.

یەکێک لە گرنگترین پرەنسیپەکانی بارت ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی مانا پابەندی زمانە و لە دەرەوەی زمان هیچ مانایەک بوونی نییە. لە چیرۆکەکەدا ئەم ڕاستییە بە جوانی ڕەنگدەداتەوە کاتێک پاڵەوان هەوڵدەدات ترس و دڵەڕاوکێکەی لە ڕێگەی زمانەوە دەربڕێت: ((دنیایەکی کرو هێمن تەنیا چرکەیچرکی کاتژمێری دیوارەکە و گڤەی باو دەنگی ئەم دڵۆپە بارانانەی دەکەوێتە سەر گەڵای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دارەکان))، لێرەدا زمان نەک تەنها ئامرازی گوزارشتکردنە، بەڵکو وەک ئەو چەمکەی بارت میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی مانای نوێ لە تەجروبەی تەنیایی و ترس.

چیرۆکەکە نموونەیەکی تەواوە بۆ دووانەیی دەستنیشانکردن/ئیحا کە لە ئاستی دەستنیشانکردندا، چیرۆکەکە باس لە شەوێکی ترسناک و ئارام دەکات، بەڵام لە ئاستی ئیحاییدا شەو دەبێتە هێمایەك بۆ حاڵەتی دەروونی و ڕۆحانی پاڵەوان. وەک لە دەقەکەدا هاتووە: ((ئەم شەوە لە هەموو شەوەکانی تر ئەم سەروبەری و سەری دنیایان لێوتکەینابوومەوە))، شەو لێرەدا نەک تەنها کاتی تاریکییە، بەڵکو بووەتە نیشانەیەک بۆ ناکۆکی دەروونی و هەستی بێگانەیی. ئەمە تەواو لەگەڵ تیۆری بارت دەگونجێت، کە پێیوایە هەموو کردەوە و دیاردەیەکی سروشتی و کولتووری دەتوانێت هەڵگری پەیام بێت، جا چ بە ئەنقەست بن یان نا.

لە یەکێک لە بڕگە گرنگەکانی چیرۆکەکەدا دەڵێت: ((کە ترپەیەك دەهات نەمدەزانی نە پشیلەکەی هەموو شەوانە، کە خۆی فڕێدەدایە سەر بەرمیلی نەوتەکە، نە ئەو زاتانەن کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردووم))، ئەم دەقە نیشاندەری ئەوەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەی زمان و وشەوە هەوڵدەدات بەسەر ترس و نەزانینەکانیدا زاڵ بێت. زمان لێرەدا وەک ئامرازێکی بەرگری و ڕاوەستان لە بەرامبەر نەزانراوەکاندا کاردەکات، کە ئەمەش گواستنەوەی ئەو بیرۆکەیە کە بارت جەختی لێدەکاتەوە: زمان تاکە سەرچاوەی ماناسازییە و هەموو دیاردەیەک پێویستی بە زمان هەیە بۆ ئەوەی مانای پێببەخشرێت.

**چیرۆکی دووەم**/ ناونیشانی (گەڕانەوە) و ژێرناونیشانی دێڕە شیعرەکە کە دەڵێت: (بۆ ڕازی نازت داوە بە کۆڵی ئەو کورسییە بێ هەست و خوستەدا؟ ئەدی بۆ چاوێک نابڕیتە منی تەنیاو تۆزقالێک تەنیاییم بڕەوێنیتەوە، یان ئەگەر دەتوانی کەوی بکەی!..) (حەمە کەریم عارف، 1996، 47)، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی دروست دەکەن کە دوو ئاستی جیاوازی دەلالەت ڕوونی دەکاتەوە. ناونیشانی سەرەکی "گەڕانەوە" لە بنەڕەتدا مانایەکی ئاسایی هەڵدەگرێت، بەڵام ژێرناونیشانی شیعری کراوە بە هۆکارێک بۆ شکاندنی ئەم مانا ئاساییە و گوزارشت لە حاڵەتێکی دەروونی و سۆزداری دەکات، کە لەگەڵ قورسایی و کۆچکردنەوە پەیوەندیدارە. ئەم دوو ئاستە ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکەن کە بارت باسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکات سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دال و مەدلول، کە لە کاتێکدا ناونیشان وەک دالێک کاردەکات، ژێرناونیشانەکە مەدلولی قووڵتری پێ دەبەخشێت.

چیرۆکەکە لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیای بارتەوە، کۆمەڵێک نیشانەی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت کە مانای فرەلایەنیان هەیە. وەک نموونە، "کورسی" لە دێرە شیعرەکەدا نەک تەنها ئامرازێکی دانیشتنە، بەڵکو نیشانەیەکە بۆ بێدەنگی، جیابوونەوە و لەدەستدانی پەیوەندی مرۆیی. هەروەها لە چیرۆکەکەدا دەبینین کە "جل و بەرگ" کە بارت ئەمەی وەک نموونەیەک بۆ دوکانی فرۆشتن و دەلالەتی کولتووری باسکردووە، لێرەش هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت. کاتێک باس لە "پۆشینی جل و بەرگ" دەکرێت، ئەمە نەک تەنها بۆ پاراستنی لەشە، بەڵکو نیشانەیەکە بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی و هەوڵی دووبارە خۆدۆزینەوە لە کۆمەڵگەی نوێدا.

یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی تیۆری بارت ئەوەیە کە زمان تاکە ئامرازە بۆ بەرهەمهێنانی مانا. لە چیرۆکە پیشاندراوەکەدا ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەردەکەوێت. کاتێک پاڵەوان دەڵێت: ((دڵت پڕ بوو، لە ناخی خۆتا هەزار و یەک نەفرەتت لێ کردن، کە چۆن ئەو بەهەشتە ناناسن، بەڵام هەستت دەکرد درۆ دەکەن و خۆیان گێل دەکەن))، لێرەدا زمان نەک تەنها ئامرازی گوزارشتکردنە، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی مانایەکی نوێ لە تەجروبەی کۆچکردن و نامۆیی.

لە ڕوانگەی دووانەیی دەستنیشانکردن/ئیحاوە. لە ئاستی دەستنیشانکردندا، دەقەکە باس لە گەڕانەوەیەکی فیزیکی دەکات، بەڵام لە ئاستی ئیحایی دا، گەڕانەوە دەبێتە هێمایەك بۆ هەوڵی دووبارە دۆزینەوەی خود و شوناس. وەک لە دەقەکەدا هاتووە: ((من خوا خوام بوو جەنازەی وڵات لە کۆڵی خۆم بکەمەوە، کاکم تازە بە تازە دەیەوێ بیداتەوە بە کۆڵمان))، لێرەدا "جەنازەی وڵات" نەک تەنها مەترسی فیزیکی ڕوونیدەکاتەوە، بەڵکو مانای ئیحایی هەڵدەگرێت کە باس لە مردنی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری دەکات. ئەمە تەواو لەگەڵ تیۆری بارت دەچێت، کە پێیوایە هەموو کردەوە و دیاردەیەکی سروشتی و کولتووری دەتوانێت هەڵگری پەیام بێت، جا چ بە مەبەست بن یان نا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-2-2 ناونیشان و ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە...):**

ناونیشان و ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە هاوڕێ یان کەسایەتییەك...) لە چیرۆكدا پەنجەرەیەکی کەسی و تایبەتە، کە چیرۆکنووس لەڕێگەیەوە ڕەهەندێکی سۆزداری بە دەقەکە دەبەخشێت، بەم چەشنە ژێرناونیشانەکە ((بەزۆری زیادکردن و درێژەدان بە ناونیشانی ڕاستەقینە یان وەسفێکی وردە بۆ واتاکەی، بەو پێیەی کە ئەرکێکی لێکدانەوە ئەنجام دەدات، جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی زانیاری)) (كريمة جعود – نورة حميداش، 2020: 17)، لە چیرۆکدا ژێرناونیشان تەنها ئەرکیکی لاوەکی نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوە و قوڵکردنەوەی واتای ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکە دەبینێت. ئەم جۆرە ژێرناونیشانە، چیرۆکەکە لە بازنەی گشتییەوە بۆ بازنەیەکی تایبەتی و کەسی دەگوازێتەوە، ئەمەش وادەکات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان چیرۆکەکە و کەسایەتییەك یان چەند کەسایەتییەك دروست بێت.

چیرۆکنووس بە پێشکەشکردنی چیرۆکەکەی بە هاوڕێیەك یان کەسێك، دەیەوێت جۆرێك لە ڕێزلێنان یان هاوخەمی بەرامبەر بە کەسەکە دەرببڕێت، دەکرێت ئەم پێشکەشکردنە بۆ هاوڕێیەکی کۆچکردوو بێت وەك شێوازێك بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادەوەرییەکانی، یان بۆ هاوڕێیەکی دوورە وڵات، کە ئاماژەیەك بێت بۆ دووری و دابڕان، یاخود بۆ کەسێك بێت، کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی چیرۆکنووس هەبووە.

هەندێك جار پێشکەشکردنی چیرۆك بە هاوڕێیەك یان کەسایەتییەك پەیامێکی شاراوەی تێدایە، کە تەنها ئەو کەسەی پێشکەشی کراوە لێی تێدەگات، ئەم پەیامە دەکرێت یادەوەرییەکی هاوبەش و ڕووداوێکی تایبەت، یان هەڵوێستێك بێت، کە تەنها لەنێوان چیرۆکنووس و ئەو کەسەدا هاوبەشە، بەم شێوەیە ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە...) لایەنێکی دیکەی واتایی دەخاتە سەر چیرۆکەکە.

لێرەدا ئەمجۆرە ژێرناونیشانانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر خوێنەریش هەیە، چونکە چوارچێوەیەکی سۆزداری بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەخوڵقێنن، وادەکەن خوێنەر هەست بکات بۆ ناو پەیوەندییەکی کەسی بانگهێشت کراوە، ئەمەش بۆشاییەك لەنێوان جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی چیرۆکەکە پڕدەکاتەوە، کە وێنەیەکی زیندووتر و ڕاستتر لە جیهانی چیرۆکنووس و خوێنەر پێشکەش دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ناونیشان و ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە) بریتیبوون لە (12) ژێرناونیشان، بەم شێوەی خوارەوە خراونەتەڕوو:

خشتەی (2) ناونیشان و ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە)

| زنجیرە | ناونیشان | ژێرناونیشانەکەی | نووسەرەکەی | ژمارەی گۆڤار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دێوانەی رۆح | پێشکەشە بە دایکی ستاڤ | کاکل حەسەن | 14 |
| 2 | خرمەی بەستەڵەك | بۆ هاوڕێی جوانەمەرگم ژیلاخانمی حوسەینی | نەجیبە ئەحمەد (سەقز) | 15 |
| 3 | چاخی سەهۆڵبەندان | پێشکەشن بە- کەژاڵ- ی هاوسەرم | شـــێـرزاد حەســەن/ فنلەندا | 19 |
| 4 | خاکی باپیران | پێشکەشە بە گیانی خوالێخۆشبوو ((نازم فەقێ))، کە لەم گەشتەی خاکی باپیراندا سەری تێداچووە | مەهدی محەمەد | 40 |
| 5 | بۆگەنامە | پێشکەش بەهاوڕێی چیرۆکنووسم (ئەکرەم عەلی) | ڕەووف حەســــەن (سلێمانی) | 41 |
| 6 | دار و مریەم | ((پێشکەشە بە چیرۆکنووس جەبار جەمال غەریب)) | زێنەب یووسفی (سنە) | 45 |
| 7 | قابیل | پێشکەشە بە ڕۆحی هاوڕێم، شاعیری جوانەمەرگ - مارف ئاغایی- | ناسر وەحیدی (بۆکان) | 50 |
| 8 | نامەکانی ژاکۆن | پێشکەشە بە قوتابییانی زانکۆ | جەبار جەمال غەریب | 55 |
| 9 | قەقنەس | بۆ خاتوونی شیعری فارسی (فرووغی فەرۆخزاد) | مـاپـارە ئـیـبـراهـیـمـی (بۆکان) | 55 |
| 10 | دابڕان | پێشکەشە بە گیانی: ئەحمەد سەعدوون | حەکـیـم عەبـدوڵـڵـا (کاکەوەیس) (سوید) | 59 |
| 11 | ماچی قوتوو | پێشکەشە بە ((بەدریە حەمەد خوار))ی دایکم | کاروان عومەر کاکە سوور (دانیمارك) | 60 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **12** | چەك و شەرەف | (پێشکەشە بە رۆحیانەتی کشوەر خانمی پاکزاد ئەو شێرە ژنەی هەوێنی ئەم چیرۆکەی پێ بەخشیم...) | ناهید حوسێنی (سنە) | 75 |

لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا لە کۆی ئەم (12) ژێرناونیشانەی چیرۆکەکاندا ، شیکردنەوە بۆ دوو (2) چیرۆکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری ڕاماندا دەکەین.

چیرۆکی یەکەم/ چیرۆکی (خاکی باپیران)ی (مەهدی محەمەد) کە ژێرناونیشانەکەی (پێشکەشە بە گیانی خوالێخۆشبوو نازم فەقێ، کە لەم گەشتەی خاکی باپیراندا سەری تێداچووە) (مەهدی محەمەد، 1999: 208)یە، کە ناونیشانی (خاکی باپیران) لە چوارچێوەی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژیادا، خاوەن چەندین لایەنی واتایی و ئاماژەییە، وەك: نیشتمان، بنەچە، ناسنامە، دابڕان و گەڕانەوەیە..... ، ئەم نیشانەیە لە چیرۆکەکەدا بە وردی پەرەدەسێنێت، کە لەم دەقەدا چیرۆکنووس دەڵێت: ((خاکی باپیران هەر شەست کیلۆمەترێک لێرەوە دوورە کەچی خەڵکان لە دووریی سەدان کیلۆمەترەوە تەرمەکەی دەبەنەوە خاکی باپیرانیان))، ئەم دەقە ئاماژە دەکات، کە وشەی (خاک) تەنها چەمکێکی جوگرافی نییە، بەڵکو نیشانەیەکی فرە ڕەهەندە بۆ دەربڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییەکان. هاوکات (باپیران) سەرنج دەخاتە سەر ڕابردوو، سەرگوزشتەی بەسەرچوو، پێشینان و کەلەپوور و ڕەچەڵەکی کوردەواری، کاتێك ئەم دوو چەمکە پێکەوە هاوتەریب دەبن، هێمایەك دروست دەکەن، کە گوزارشت لە پێوەندی نێوان نەوەکان و بەردەوامی مرۆڤە لەگەڵ خاك و زێدەکەیاندا.

ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە گیانی خوالێخۆشبوو نازم فەقێ، کە لەم گەشتەی خاکی باپیراندا سەری تێداچووە)، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ناونیشانەکەدا هەیە. لێرەدا (گەشتی خاکی باپیران) نیشانەیەکی دوولایەنەیە، لەلایەکەوە دەکرێت گەشتێك بێت بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان، لەلایەکی دیکەوە (سەری تێداچووە) ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی هەتاهەتایی بۆ خاك.

پەیوەندی سیمیۆلۆژی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان لەم چیرۆکەدا لەسەر بنەمای دیالێکتیکی گشتی و تایبەت دامەزراوە. ناونیشانی (خاکی باپیران) نیشانەیەکی گشتی و هاوبەشە، لە کاتێکدا ژێرناونیشانەکە، ئەو چەمکە گشتییە دەبات بەرەو تراژیدیایەکی تایبەتی و کەسی، لەو چوارچێوەیەدا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژێرناونیشانەکە کە دەڵێت: (پێشکەشە بە گیانی خوالێخۆشبوو نازم فەقێ، کە لەم گەشتەی خاکی باپیراندا سەری تێداچووە)، دەبێتە پردێک لە نێوان چەمکی گشتی (خاک) و ئەزموونی تایبەتی تاکێک کە گیانی لەدەستداوە.

هەروەها لە دەقەکەدا دەردەکەوێت: ((گەردنت ئازا نەبێ و چۆڕی شیری ئەو مەمکانەت لێ حەرام بێ ئەگەر تەرمەکەم سوتەکێشی مابوو، بمبەنەوە خاکی باپیران))، لێرەدا نزای بەنەفرەتکردن بە خاکی باپیران بە شێوەیەکی سیمیۆلۆژی پیرۆزیی ئەو چەمکە و پەیوەندی بەهێزی کەسی باسکراو لە ژێرناونیشانەکەی (نازم فەقێ) بەخاکەکەوە دەردەخات، چونکە ناوبراو گیانی لەو ڕێگایەدا بەخشیوە.

بڕگەیەکی دیکە کە پەیوەندی سیمیۆلۆژی ناونیشان و ژێرناونیشان تێدا دەردەکەوێت: ((ئەم ڕێگایەش دەمگەیەنێتە خاکی باپیران. ملی ڕێگاکە دەگرم، کزە شەماڵێکی سارد گیانم فێنک دەکاتەوە، هەناسەم پڕ دەکا)) ئەم ڕستانە بەرجەستەی پەیوەندییەکی سیمیۆلۆژی فرەڕەهەند دەکەن: لەلایەکەوە (خاکی باپیران) وەک شوێنێکی جوگرافی پیشان دەدەن، لەلایەکی دیکەوە وەک ئامانجێکی ڕۆحی و مەعنەوی کەسەکە دەردەکەون، کە لە ژێرناونیشانەکەدا ئاماژەکراوە کە (نازم فەقێ) تیایدا گیانی لەدەستداوە. ئەمەش دوالیزمێکی سیمیۆلۆژی لە نێوان ناونیشان و ژێرناونیشاندا دەخوڵقێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە پەیوەندی سیمیۆلۆژی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشان لەم چیرۆکەدا پەیوەندییەکی زیندووە. ناونیشانی سەرەکی چەمکێکی گشتی دەخاتەڕوو، ژێرناونیشانەکە ئەو چەمکە دەکاتە بەشێک لە تراژیدیایەکی کەسی و تایبەت. لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە، (خاکی باپیران) دەبێتە نیشانەیەکی چڕکراوە کە هەم شوێنێکە کە بوونی هەیە، هەم دنیایەکی ڕۆحی و هەم چارەنووسێکی تراژیدیایە، هەموو ئەمانەش لە پێکهاتەیەکی واتاییدا یەکدەگرنەوە و ئەو پەیوەندییە سیمیۆلۆژییە دروست دەکەن، کە لە نێوان ناونیشان و ژێرناونیشاندا بەرجەستە بووە.

**چیرۆکی دووەم/** چیرۆکی (قابیل)ی (ناسر وەحیدی) کە ژێرناونیشانەکەی (پێشکەشە بە ڕۆحی هاوڕێیم، شاعیری جوانەمەرگ - مارف ئاغایی) (ناسر وەحیدی، 2000: 204)، لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە لە سەرەتاوە نیشانەیەکی ئایینی و مێژووییە، کە ئاماژە بۆ یەکەم تاوانی مرۆڤایەتی دەکات. قابیل لە

چیرۆکە ئایینییەکاندا، وەك کەسێك ناسراوە کە براکەی خۆی (هابیل)ی کوشتووە، بۆیە ئەم ناوە هێمایەکی قورسی هەڵگرتووە، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ بەرەو چەمکەکانی تاوان و توندوتیژی ڕادەکێشێت.

لە چیرۆکەکەدا پاڵەوان لە ڕێگەی خەونێکی ئاڵۆزەوە هاوشێوەی قابیل، تاوانی کوشتن ئەنجام دەدات: ((ئەم خەنجەرە.. بەهەموو هێزو گوڕی خۆم، نووکەکەی لەسەر دڵی لاوی ناو ڕکەکە دادەهێڵم، بە جۆرێك گوێم لە کرتە کرتی شەق بردنی دڵی دەبێ. تیخەکە سێ چوار جار لەناو دڵیدا بەم لاو ئەولادا دەگێڕم، بەڵکو بکەوێ و ئیتر هەڵنەستێتەوە))، ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ناونیشانی (قابیل)ە، کە هێمای کوشتنە لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی ناونیشان وەك دیاریدەیەکی سیمیۆلۆژی.

ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە ڕۆحی هاوڕێم، شاعیری جوانەمەرگ - مارف ئاغایی) دووانەیەکی دیالێکتیکی لەگەڵ ناونیشانی (قابیل) دروست دەکات. مارف ئاغایی وەك شاعیرێکی جوانەمەرگ، دەبێتە هێمای هابیل- قوربانییەکە، ئەو دەنگە پاك و هەستیارەی کە لەلایەن هێزەکانی ستەم و زۆردارییەوە بێدەنگکراوە، ئەم قوربانیدانە لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە، وێنەیەکی هاوچەرخی چیرۆکە ئاینییەکە پێکدەهێنێت، هابیلێکی نوێ (شاعیری جوانەمەرگ) و قابیلێکی نوێ (سیستەمی زۆردار).

پەیوەندی سیمیۆلۆژی نێوان ناونیشانی (قابیل) و ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە ڕۆحی هاوڕێم، شاعیری جوانەمەرگ - مارف ئاغایی) لە چەندین ئاستدا دەردەکەوێت. لە لایەکەوە بەکارهێنانی وشەی (جوانەمەرگ) لە ژێرناونیشانەکەدا وەك ئاماژەیەك بۆ مەرگێکی ناوەخت، هاوشان لەگەڵ چیرۆکی هابیل دەبێت، کە بە دەستی قابیل کوژراوە. لە لایەکی دیکەوە ژێرناونیشانەکە هەوڵدەدات لایەنێکی مرۆڤدۆستانە و هەستیارانە بە ناونیشانی (قابیل) ببەخشێت.

لە چیرۆکەکەدا چەندین ئاماژەی ئایینی بەدی دەکرێن کە پشتگیری ئەم لێکدانەوە سیمیۆلۆژییە دەکەن. بۆ نموونە: ((پیرە... حەکایەتی هابیل و قابیل، یوسف و براکانی بۆ دەگێڕامەوە))، ئەم وێنانە ئاماژەن بۆ چیرۆکەکانی ناو دەقە ئایینییەکان و بە تایبەت چیرۆکی قابیل و هابیل، بەڵام لێرەدا بە شێوەیەکی نوێ و لە ڕێگەی خەونێکی ئاڵۆزەوە پێشکەش کراون.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکورتی کارلێکی سیمیۆلۆژی نێوان ناونیشان و ژێرناونیشانی چیرۆکی (قابیل)، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشت لە هەندێ مانا شاراوەکانی چیرۆکەکەدا. خوێندنەوەی چیرۆکەکە پێکدێنێت. ناونیشانی سەرەکی فەزایەکی ئایینی دەخولقێنێت، لە کاتێکدا ژێرناونیشانەکە لەڕێگەی پەیوەندییەکی کەسییەوە ئەم فەزایە دەبەستێتەوە بە ئەزموونێکی تاك و ڕاستەقینەی مرۆڤ، کە یارمەتی خوێنەر دەدات لە باشتر و ئاسانتر تێگەیشتنی مژار و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە.

لە کۆی ٤٨١ چیرۆکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری ڕاماندا لە نێوان ساڵانی (١٩٩٦-٢٠٠٥)دا، تەنها (12) چیرۆک بە ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە...) هەیە، ئەم ژمارەیە نیشاندەری بەکارنەهێنانی ئەم تەکنیکەیە لە چیرۆکی کوردیدا لەو قۆناغەدا.

## 3-2 ناونیشان و ژێرناونیشان بە پێی دابەشبوونی جوگرافیایی لە گۆڤاری ڕاماندا:

ئەم داتایەی خوارەوەش کۆی سەرجەم چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕامان لە ماوەی (1996 -2005) لەخۆدەگرێت، کە لە ناونیشان و ژێرناونیشانەکانیان پێکهاتوون و بەگوێرەی دابەشبوونی جوگرافی پۆلێنکراون.




تابلۆی ژمارە (5) ناونیشان و ژێرناونیشان بە پێی دابەشبوونی جوگرافیایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم تابلۆیەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ناونیشان و ژێرناونیشانی (وتە، دێرە شیعر) بە شێوەیەکی زۆر نایەکسان لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بووە. لە باشوور بە ڕێژەیەکی سەرنجڕاکێش 70% پێشەنگە. هەڵبەت خودی گۆڤارەکە لە شاری هەولێرە. هەروەها دەرەوەی وڵات بە ڕێژەی 20% لە پلەی دووەمدا دێت. کە ئەمەش نیشانەی پەرشوبڵاوی نووسەرانی کورد دێت. هەروەها ڕۆژهەڵات تەنها 10% پێکهاتووە، کە ئەمەش کەمترین ڕێژەیە لە نوسینی ئەم جۆرە ژێرناونیشانانەیە لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا.

سەبارەت بە دابەشبوونی ناونیشان و ژێرناونیشانی (پێشکەشە بە)، لێرەدا نموونەیەکی تەواو جیاواز دەبینین، کە تێیدا هاوسەنگی زیاتر لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتدا هەیە، هەردووکیان بە یەك ڕێژەی 41.7% یەکسانن. ئەم دیاردەیە نیشاندەری پەیوەندی کولتووری بەهێز و ئاڵوگۆڕی بەردەوامە لەنێوان ئەم دوو ناوچەیەدا، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەرەڕای جیاوازییە سیاسی و جوگرافییەکان. دەرەوەی وڵاتیش بە ڕێژەی 16.6% بەشداری کردووە، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی بەردەوامی چیرۆکنووسانی کورد لە پاراستن و پشتگیری کردنی ناسنامە و کولتوور، لە دەرەوەی وڵات.

## ئەنجام

1. لە کۆی ٤٨١ چیرۆکی بڵاوکراوە، تەنها (22) چیرۆك ژێرناونیشانیان هەبووە، بەڵام ئەم ژێرناونیشانانە ڕۆڵێکی تەواوکەریان بینیوە، وەک پردێک کاریان لە نێوان ناونیشانی سەرەکی و ناوەڕۆکی بابەتەکەدا کردووە.
2. لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕامان لەو ماوەیەدا، ژێرناونیشانەکانی فرەڕەهەندە و لە دوو دەستە (وتە/دێرە شیعر) کە ژمارەیان (10) ژێرناونیشان بووە، هەروەها (پێشکەشە بە...) ژمارەیان (12) ژێرناونیشان بووە، کە هەریەکەیان چوارچێوەیەکی (فیکری، ئایدیۆلۆژی، سۆزداری یان کۆمەڵایەتی)یان بە چیرۆکەکە بەخشیوە.
3. باشووری کوردستان لە ناونیشان و ژێرناونیشان بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە لە هەردوو بەشەکەدا بە ٦٧.٢٪ لە ناونیشانەکان و ٥٥٪ لە ژێرناونیشانەکان بووە. لە بەرامبەردا، نزمترین ڕێژە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەکانی تردا دابەش بوون، باکوور نزمترین ڕێژەی ناونیشانی هەبوو (٠.٤٪)، لە کاتێکدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هیچ بەشداریکردنێکیان لە ژێرناونیشانەکان نەبوو (٠٪).

4. لە نێوان بەکارهێنانی ناونیشان و ژێرناونیشاندا لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ڕاماندا، بەرزترین ڕێژەکان بۆ ناونیشانی چیرۆك لە ساڵی (١٩٩٧ بە ١٩.١٪) و بۆ ژێرناونیشانی چیرۆك لە ساڵانی (١٩٩٧ و ٢٠٠١ بە ٢٣٪) تۆمارکراون، لە کاتێکدا نزمترین ڕێژە بۆ ناونیشانی چیرۆك لە ساڵی (٢٠٠٣ بە ٢.٥٪) و بۆ ژێرناونیشانی چیرۆك لە ساڵی (٢٠٠٣ بە ٠٪) بووە.

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی

خۆشناو، هێمن عومەر (2009)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

ڕەشید، فوئاد (2007)، دەقی ئەدەبی "ئەدگار . چێژ . بەها"، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

ڕەئوف، لوقمان (2016)، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە (1950-1975 ) کرمانجی خواروو، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی.

زراری، سەنگەر (2025)، ئەدەب و دەوروبەر "پەیوەندی ئەدەب لەگەڵ کایەکانی دیکەی ژیان"، چاپی یەکەم، دەزگای فام.

عەلی، ڕوناك سەلاح (2017)، هونەری فەنتازیا (لە چیرۆکی نوێی کوردیدا)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

لەتیف، دیار (1399)، ناونیشان و دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، سەقز، مەیدانی هەڵۆ.

ناوخۆش، سەلام وئەوانی تر (2009)، کوردۆلۆجی، چاپی چوارەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

### نامەی ئەکادیمی

حسن، عبدالستار پیرداود (2023)، سیمیۆلۆژیا لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی (جەبار جەمال غەریب بەنموونە، تێزی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

ڕەشید، عەبدلسەلام جەمال (2017)، وەرارا دەلالەتا ناڤونیشانی د ڕۆمانا کوردیدا، ژ دەستپێکێ تاکو (2010)ێ هەرێما کوردستانا عێراقێ-وەکو نمونە، ڤەکولینەکا هونەری شلوڤەکاریە، ناما ماستەرێ، پشکا زمانێ کوردی، فاکولیتا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکویا زاخۆ.
عەلی، سروە طاهر (2015)، بنیاتی هونەریی لە کۆمەڵە چیرۆکی "هەڵۆ"ی "ڕەووف بێگەرد"دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان.
مستەفا، خەلیل ئیبراهیم (2024)، شیعرییەتی ڕۆمانی کوردی بە نموونەی ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

**فەرهەنگ**

شێخانی، عەبدولوەهاب (2009)، فەرهەنگی شێخانی (کوردی – کوردی)، چاپخانەی خانی(دهۆك).
موکریانی، هەژاری (1369)، فەرهەنگ، هەنبانەبورینە، فەرهەنگ، کوردی-فارسی، چاپخانەی پویا سرۆش، چاپی پێنجەم، تهران.

## گۆڤارەکان

بریندار، نازدار عارف (2020)، ناڤونیشان د ڕۆمانێدا، ڕۆمانا (داویا شەرڤانەکی) یا نقیسەر (عسمەت محەمەد بەدەل) وەکو نموونە، گۆڤارا زانکۆیا دهوك، پەربەندا 23، ژمارە 2، زانستێن مرۆڤایەتی و کومەڵناسی، کولیژا پەروەردا بنیات، زانکویا زاخۆ، هەرێما کوردستانێ، عێراق.
بکر و خالد، هیمداد حسین و عبدالله محمد (2021)، ڕۆڵی ناوونیشان لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 25، ژمارە 6، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
ڕەسول، تەها ئەحمەد (1997)، خەفەبوونەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 17، هەولێر.
رەشید، سابیر (1997)، شەو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 13، هەولێر.
طاهر, نزار سلمان (2015)، ڕۆڵی ناڤونیشانی د بەرجەستەکرنا ڕامانا تیکستێ کورتە چیرۆکێدا- کۆمەلە چیرۆکا (شەڤا فرشتە رەڤین) یا ئیسماعیل هاجانی- وەك نموونە)، گۆڤارا زانکویا زاخو، پەربەندا 3 (B)، ژمارە 1.
عارف, حەمە کەریم (1996)، گەڕانەوە،گۆڤاری ڕامان، ژمارە 2، هەولێر.
عزیز و رؤف، سامان جەلال ، ڤان بەختیار محمد (2023)، ئاسۆی پێشبینی ناوونیشان لە کتێبی (ملوانکە)ی شێرکۆ بێکەسدا، المجلة العلمية لجامعة جيهان، السليمانية، المجلد 7، العدد 2.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەریم، دیدار (2004)، ا د م، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 91، هەولێر.
محەمەد، مەهدی (1999)، خاکی باپیران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 40، هەولێر.
مەولود, ڕێزان صالح (2023)، بونیاتی ناونیشان لە کورتیلە چیرۆکی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤاتییەکان، برەگی 27، ژمارە 1.
وەحیدی، ناسر (2000)، قابیل، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 50، هەولێر.

## الكتاب العربي

الجزار، محمد فكرى (1998)، العنوان وسميوطيقا الاتصال الادبى، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
حسين، خالد حسين (2007)، في نظرية العنوان, مغامرة تأويلية في شؤون العتبة النصية، دار التكوين.
حمداوي، جميل (2020)، سيميوطيقا العنوان, الطبعة الثانية، دار الريف للطبع و النشر الإلكتروني، الناظور – تطوان، المملكة المغربية.
الغذامى, عبدالله محمد (1998)، الخطيئة والتكفير من البنيوية الى التشريحية، قراءة نقدية لنموذج معاصر, الطبعة الرابعة، الهيئة المصرية العامة الكتاب.

### الرسالة الأكاديمية

تاوريريت، بيلة (2015-2016)، القصائد السياسية لنزار قباني دراسة سيميائية، دكتوراه، جامعة محمد خيضر, بسكرة, كلية الآداب واللغات.
جعود و حميداش، كريمة– نورة (2020)، سيمياء العنوان الفرعي في روايتي واسيني الأعرج، "حارسة الظلال" و"سيدة المقام"، جامعة مولود معمري، تيزي وزو, كلية الآداب واللغات، الجزائر.
حسنية، مسكين (2014)، شعرية العنوان في الشعر الجزائري المعاصر، شهادة الكتوراه، جامعة و هران-السانيا, كلية الآداب واللغات والفنون.

**English books**

Badawi, Mohamad (2007), AL-MUHIT OXFORD STUDY DICTIONARY (ENGLISH - ARABIC), ACADEMIA is the Trade Mark of Academia International, Beirut, Lebanon.

**French book**

Hock, Leo H.(1981), La marque du titre, dispositifs semiotques dune pratique textuelle, Printed in the Netherlands.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێبسایت**

حەسەن، مەولود ئیبراهیم (2024) ڕەهەندی مێژوویی لە نێو پەند و قسەی نەستەقی کوردیدا، وێبسایتی دەنگەکان https://dengekan.info/archives/44965 ، (سەردانیکراوە لە: 14-6-2025، کاتژمێر: pm 4.00).

---

## The relationship between titles and subtitles in stories of Raman Magazine

**Halgurd Karim Hassan**
Ministry of Education, Education Directorate of Shaqlawa, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: halgurd.hasan@su.edu.krd

**Prof. Dr. Hemin Omar Khoshnaw**
Department of Kurdish, College of Education of Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Hemin.o.ahmad@su.edu.krd

## Abstract
This research study focuses on the concept, definition, and role of titles and subtitles in Kurdish stories, specifically in the stories published in "Raman" magazine between 1996-2005. According to the research findings, titles and subtitles hold an important position in the structure of stories and encompass several aspects like semantics, semiology, and aesthetics. Out of 481 published story titles, only 22 stories had subtitles. The research was conducted in two aspects: theoretically, it examines the history, terminology, concepts, definitions, and importance of titles; practically, through analyzing textual examples of the stories, it demonstrates role and impact of titles and subtitles in conveying the meaning and message of the text to the reader. Additionally, descriptive-analytical and statistical analysis methods were used to

analyze the topics and reveal the relationship between titles and subtitles, and the results are identified.

***Keywords:*** *Title, Subtitle, title and subtitle relationship, The importance of titles and subtitles, semiology.*

# العلاقة بين العناوين والعناوين الفرعية في قصص مجلة رامان

**الملخص**

هذا البحث الأدبي يسلط الضوء على مفهوم وتعريف ودور العناوين والعناوين الفرعية في القصص الكوردية، خاصة في قصص مجلة "رامان" خلال الفترة بين (١٩٩٦-٢٠٠٥). وفقًا لنتائج البحث، تحتل العناوين والعناوين الفرعية مكانة مهمة في بنية القصص وتشمل عدة جوانب (دلالية، سيميولوجية و جمالية). من بين ٤٨١ عنوانًا منشورًا للقصص، كان لدى ٢٢ قصة فقط عناوين فرعية. تم إجراء البحث من جانبين: من الناحية النظرية، يدرس تاريخ ومصطلحات ومفاهيم وتعريفات وأهمية العناوين؛ ومن الناحية التطبيقية، من خلال تحليل نماذج نصية للقصص، يوضح دور وتأثير العناوين والعناوين الفرعية في نقل معنى ورسالة النص إلى القارئ. بالإضافة إلى ذلك، تم استخدام المنهج الوصفي التحليلي والتحليل الإحصائي لتحليل الموضوعات وكشف العلاقة بين العناوين والعناوين الفرعية، وقد حددنا نتائجنا.

**الكلمات المفاتحية:** العنوان، العنوان الفرعي، العلاقة بين العنوان والعنوان الفرعي، أهمية العنوان والعنوان الفرعي، السيميولوجيا.